# گۆڕانکاری کەشوهەوا؛ کارەساتە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق

30-10-2023

**نووسەرەکان**

میران حسین

**کورتە** : سەرەڕای ئەوەی کێشەی گۆڕانکاری کەشوهەوا بەشێوەیەك تەماشا دەکرێت کە کێشەیەکی سروشتیە و کاریگەری سروشتی هەیە، بەڵام پسپۆڕانی بواری ژینگە باسی لێکەوتەی زۆر خراپ دەکەن، کە بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهاندا رووبدات و سنوورەکانی کاریگەری سروشت تێپەڕ بکات و، چەندین بواری دیکەش بگرێتەوە.

گۆڕانکاری کەشوهەوا یەکێکە لە کێشە نوێیەکان و بگرە بووەتە سەرەکیترین کیشەش کە بەرۆکی جیهانی گرتووە و پێشبینی دەکرێت[1] ئەم کێشانە چەندین لێکەوتەی خراپی لەسەر ئاستی جیهاندا لە چەندین بوار هەبێت کە کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە وەك کیشەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنانەت کۆچکردن، ژێر ئاوکەوتن و بەبیابانبوون.. هتد

سەرەڕای ئەوەی کێشەی گۆڕانکاری کەشوهەوا بەشێوەیەك تەماشا دەکرێت کە کێشەیەکی سروشتیە و کاریگەری سروشتی هەیە، بەڵام پسپۆڕانی بواری ژینگە باسی لێکەوتەی زۆر خراپ دەکەن، کە بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهاندا رووبدات و سنوورەکانی کاریگەری سروشت تێپەڕ بکات و، چەندین بواری دیکەش بگرێتەوە.

لە بەرامبەر گۆڕانکاری کەشوهەوا وڵاتانی جیهان چەندین هەوڵی گەورەیان داوە بەمەبەستی رێگریکردن و کەمکردنەوەی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە جیهان وەکو رێککەوتننامەی ریودۆجانیرۆ لە ساڵی 1992 و رێککەوتننامەی کیۆتۆ لە ساڵی 1997 و، رێککەوتننامەی پاریس لە 2015 و کۆنفرانسی گلاسکۆ لە سالی 2021 و شەرم شیخ 2022 و بڕیار وایە لە مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵدا لە ئیمارات COP28 بەڕێوەبچێت، سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵە جیهانیانەش چەندین هەوڵی دیکەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە جیهانیە هەیە، وەك فشارخستنە سەر وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ کەمکردنەوەی دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سوتەمەنییەکان و رووکردنە وزە نوێبووەکان. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبووە تاوەکو ئێستا و نەتوانراوە ببێتە مایەی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئاسەواری گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهان، کە هۆکاری سەرەکیش بەهۆی پابەندنەبوونی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانە بەم رێککەوتننامانەوە، تەنانەت هەندێك وڵات زۆرجار لە رێککەوتنامەکان کشاونەتەوە وەکو کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتننامەی کیۆتۆ.

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا رۆژ بە رۆژ بەڕوونی لە عێراق دەردەکەوێت، ئەویش لەکاتێکدا عێراق دیارترین قوربانی لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوایە، لێرەدا تیشک دەخەینەسەر هۆکارەکان، سیماکان و لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و بەتایبەتی لە عێراق.

## هۆکارەکانی، سیماکانی و لێکەوتەکانی گۆڕانکاری کەشوهەوا

بەشێوەیەکی گشتی سێ فاکتەری سەرەکی هەیە بۆ روودانی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهان[2] ، یەکەمین و گرنگترین هۆکار بەهۆی دەردانی گازە زیان بەخشەکانەوەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی ماددە کاربۆنییەکان لە پیشەسازی، ئاگرکەوتنەوە و دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن بەهۆی ئامرازەکانی گواستنەوە.. هتد کە بە سەرەکیترین هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانکاری کەشوهەوا لەقەڵەمدەدرێت و پشکی شێری بەردەکەوێت[3]. هەربۆیەش زۆرینەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە پێناو کەمکردنەوەی ئەم جۆرە دایە لەجۆرەکانی گۆڕانکاری کەشوهەوا. هۆکاری دووەەم بەرفراوانبوونی شارەکان و تەلارسازی و بڕینەوەی دارستانەکان[4]، و هۆکاری سێیەم سرووشتییە وەکو تیشکی خۆر و دیاردەی گەردوونی[5] .

گۆڕانکاری کەشوهەوا چەندین سیمای جیاوازی هەیە وەکو بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەسەر ئاستی جیهان کە سەرجەم وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، کەمی باران بارین، درووستبوونی لافاو، دووبارەبوونەوەی خۆڵبارین و زریان، شەپۆلی باران بارینی بەخوڕ و نارێکی لە سیمای وەرزەکان و بڕی باران بارین و چەندین سیمای دیکەش کە سەرجەمیان نیشانەی تێکچوونی کەشوهەوان لە جیهان دا.

هەروەها، گۆڕانکاری کەشوهەوا چەندین لێکەوتەی خراپی هەیە کە سەرجەم بوارەکان دەگرێتەوە، کە کاریگەری گەورەی لەسەر وڵاتانی جیهان بە بێ جیاوازی هەبووە، وەکو کەمبوونەوەی ئاو و تواندنەوەی سەهۆڵبەندی جەمسەرەکان و بە بیابانبوون، وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان، و کەمبوونەوەی بەرهەمی خۆراك و کۆچی هاوڵاتییان بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا، و پێشبینی ئەوەش دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی جەنگ و کێشەی گەورە لە نێوان وڵاتانی جیهان.

## عێراق ... دیارترین قوربانی گۆڕانکاری کەشوهەوا

سەرەڕای کەمی بەشداری عێراق لە پیسکردنی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهان، بەڵام عێراق یەکێکە لە دیارترین نموونەکانی دەرکەوتنی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهان، بەپێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق پێنجەمین خراپترین وڵاتە لە رووی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهان کە ئاسەواری گۆڕانکاری کەشوهەوا بەشێوەیەکی دیار و مەترسیدار تیایدا دەرکەوتووە[6]، و هەموو راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە عێراق رووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا، و سەرجەم لێکەوتەکان کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە روودەدەن نیشانەکانی لە عێراق بوونی هەیە و، عێراق تووشی کارەسات دەکەن.

راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە کۆچکردن بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا تیایدا دەستپێکردووە، و دەیان هەزار خێزان لە عێراق بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا کۆچیان کردووە، و پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەم ژمارەیە بەشێوەیەکی دراماتیکی لە داهاتوودا بەرزبێتەوە و، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشووری عێراق ( بەسرە ـ میسان ـ موسەننا ـ زیقار). هەروەها، راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کۆچبەرەکان بەشێکیان ناوچەکانیان چۆڵ کردووە و هەندێکیان بەرەو پارێزگاکانی ناوەڕاستی عێراق و شاری بەغدا کۆچیان کردووە، و ئەگەر ئەو دیاردەیە بەرفراوانتر بێت پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەم کۆچبەرانە  بەرەو هەرێمی کوردستان  و ناوچە کێشە لەسەرەکانیش  کۆچ بکەن لە قۆناخەکانی داهاتوودا .

لە لایەکی دیکەوە،  سەنتەری (Climate Central) لە نوێترین راپۆرتیدا پێشبینی ژێر ئاوکەوتنی نۆ شاری کردبوو لەسەر ئاستی جیهان کە یەکێك لەو شارانە شاری بەسرەیە لە عێراق، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی کەنداو بەنزیکەی نیو مەتر تاوەکو یەك مەتر لەساڵی 2050[7] و تەنانەت وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراقیش ئاماژەی بەو مەترسیە کردووە. لەکاتێکدا شاری بەسرە نزیکەی چوار ملیۆن کەسی تیایدا دەژی و تاکە دەروازەی ئاوی وڵاتی عێراقە و نزیکەی 80% نەوتی بەرهەمهێنراوی عێراقی لێوە بەرهەمدەهێنرێت.

لە هەمان کاتدا، دیاردەی بە بیابانبوونی دەیان هەزار کیلۆمەتر دووجای لە خاکی عێراق گرتووەتەوە، کە لەپارێزگای موسەننا و بەسرەوە دەستپێکردووە و گەیشتۆوەتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و بووەتە هۆی لەدەستدانی رووبەرێکی بەرفراوان لە ناوچە کشتوکاڵیەکانیش لە زۆربەی پارێزگاکانی باشووری عێراق[8].

 ئامارەکانی کەشناسی باس لەبەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەسەرجەم ناوچەکانی عێراق دەکەن، بەگشتی و باشووری عێراق بۆ ئاستێکی پێوانەیی کە پێشتر رووی نەداوە، و بووەتە هۆی لە ناوچوونی کشتوکاڵ و بەرهەمی کشتوکاڵی لەو ناوچانەدا، دووبارەبوونەوە و زیادبوونی دیاردەی خۆڵبارین لە عێراق یەکێکی دیکەیە لە دیاردە باوەکان کە کێشەیەکی زۆر گەورەی بۆ عێراق دروستکردووە و سەرجەم پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە کە بەشیوەیەکی بەرچاو لەم ساڵانەی دواییدا هەفتانە دووبارە دەبێتەوە[9] .

ترسناکترین کێشەکانی کەشوهەوا کە رووبەڕوی عێراق بووەتەوە کەمی باران بارینە کە هاوکات بوو لەگەڵ کەمی ئاوی هاتوو لە  تورکیا و ئێرانەوە بۆ عێراق کە هەردوو وڵات بەهۆی درککردن بە مەترسی گۆڕانی کەشوهەوا دەستیان کردووە بە گلدانەوەی ئاو و گۆڕینی رێڕەوی ئاوی رووبارەکان کە سەرئەنجام  بووەتە هۆی نیمچە وشکبوونی هەردوو رووباری دیجلە و فورات، و دابەزینی ئاستی ئاوی سەرجەم بەنداوەکان لە عێراق بەشێوەیەك کە پێشتر تۆمار نەکراوە، ئەمەش  عێراق تووشی کارەساتێکی گەورە دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەکە لە تورکیا و ئێران بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەبات[10].

لەکۆتاییدا، یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی قوڵبوونەوەی لێکەوتەکانی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە عێراق  کەمتەرخەمی حکومەتی عێراقە بەرامبەر بەو کێشەیە، کە بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کێشە سیاسی و ئابووری و کێشە نیوخۆییەکانی دیکەوە وایکردووە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا نەبووەتە جێگای بایەخی حکومەتی عێراق  بۆ نموونەش بەپێی روانگەی عێراقی سەوز کە رێکخراوێکی ژینگەییە لە عێراق "حکومەتی عێراق هیچ بڕگەیەکی لە بودجەی ساڵانی 2023-2024-2025 تەرخان نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و لێکەوتەکانی"[11].

لەڕاستیدا، ئەمەش بەڕوونی دەرخەری کەمتەرخەمی  حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقە  لە بەرامبەر ئەو کێشەیە کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە عێراق رووبەرووی کێشەی زۆر گەورەتری ژینگەیی لە داهاتوودا دەکاتەوە.

---

[1] د.عباس الحديپى ، ابراهيم البالانى ،جيوبولتيك البيئه،2021.

[2] ميران حسين - الاپار السلبيه للتغييرات المناخيه على العلاقات الدوليه ـ بڵاوبۆتەوە  لە کۆربەندی جیهانی(مستقبل الآمن والسلم الدوليين فى ڤل التغيرات المناخيه)کە لە جەزایر سازکرا -2023

[3] محمد عادل عسكر، القانون الدولى للبيئه "تغير المناخ- التحديات والمواجهه- دراسه تحليليه تأصيليه مقارنه أحكام اتفاقيه الامم المتحده الاگاريه وبروتوكول كيوتو"، دار الجامعه الجديده، الاسكندريه، 2013م.

[4] التقرير العالمى للمستوگنات البشريه - المدن وڤاهره المناخ -2021.

[5] د.عباس الحديپى ، ابراهيم البالانى ،جيوبولتيك البيئه،2021.

[6] IOM IRAQ- MIGRATION, ENVIRONMENT, AND CLIMATE CHANGE IN IRAQ

[7] Climate central- Shrinking wetlands, rising seas threaten generations of tradition for Louisiana duck hunters-2022

[8] د.قصی فاچل الحسینی، التغیر المناخی وأپره فی ڤاهره التصحر فی العراق، مجله کلیه التربیه الاساسیه للعلوم التربویه والانسانیه ،جامعه بابل، نیسان/ 2019م، العدد43،

[9] IOM IRAQ- MIGRATION, ENVIRONMENT, AND CLIMATE CHANGE IN IRAQ

[10] میران حسین التاپیرات السیاسیه للتغییرات المناخیه فی العراق ـ له کۆڕبەندی ڕافدین له شاری بەغدا بڵاوکرایەوە-2022

[11] مرصد العراق الاخچر- موازنه العراق تخلو من تخصیصات مالیه للبیئه .